# وەڵامدانەوەی کۆمەڵە پرسیارێکی گرنگ

**لە لایەن مامۆستا عبد الکریم** ( ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی )

**بسمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحيمِ**

الحَمْدُ لِلَّهِ نَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسنا مَنْ يَهْدِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هادِيَ لَهُ وأَشْهَدُ أنْ لا إلهَ إلاَّ اللَّهُ وأشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. أَمَّا بَعْدُ ... فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّار.

**کۆمەڵە پرسیارێکمان ئاڕاستەی بەڕێز : مامۆستا عبدالکریم ( ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی) کرد بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە :**

### پرسیاری یەکەم : ئایا سەلەفیەت حیزبە ئەگەر حیزب نیە ئەی بۆ ئێوەش ناوتان لە خۆتان ناوە سەلەفی ؟

نەخێر سەلەفیەت حزب نیە بەهیچ شێوەیەك، بەڵکو سەلەفیەت تاکە کۆمەڵن کە لە هەموو بوارێکدا لەسەر هەقن، بۆ یە واجبە لەسەر هەموو موسوڵمانێك شوێن کەوتەی سەلەفی صالح بێت و بانگەوازی بۆبکات و چونکە تاکە بەرنامەیە تارۆژی قیامەت بمێنێتەوە لەسەر حەق، بەڵکەش لەسەر ئەم قسەیە فەرموودەی صحیحی پێغەمبەرەکەمانە(ﷺ)کە فەرموویەتی : **{لا تزال طائفة من أمتي على الحق ظاهرين لا يضرهم من خذلهم ولامن خالفهم}** **رواه مسلم (٤٩٣٢)**

وەسەلەفیەت دژایەتی حیزبایەتی ئەکات بەهەموو شێوەیەك، هۆکارەکەشی دیارە لەبەرئەوەی سەلەفیەت شوێن کەوتنی کەسێکی پارێزراوە لە هەموو گوناهێك ئەو کەسەش پێشەوامان پێغەمبەر (**محمد**)ە (ﷺ) بەڵام حیزبەکان بەناوی ئیسلامەوە شوێن کەوتەی کەسانێکی نەپارێزراون لە گوناه و تاوان کە بریتین لە (ئەمیرو ئەمیندارو ڕابەر) ە کانیان

حیزبایەتی واتە: دین پارچە پارچەکردن، پاشان موسوڵمانان پارچە پارچە کردن کە شتێکی ئاشکرایە لەم ڕۆژگارەدا، ئەم پارچە پارچە کردنەش حەرامە

**قَالَ تَعَالَىٰ:** ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْ ﴾ آل عمران: ١٠٣

ناوی سەلەفیەت : ناوێکی شەرعیە سەرچاوەی ئەم ناوەش ئەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) کە بە فاطمە ی فەرموو( رضی اللّه عنها) { **نعم السلف أنا لك**} رواه مسلم (٢٤٥٠)

هەروەها زانایان لە کتێبەکانیاندا ئەوەندە ووشەی سەلەفیان بەکارهێناوە کە لەژماردن نایەت،ئایا ئەوان ئامادەن وازبهێنن لەناوی حیزبەکانیان یان مەزهەبەکانیان یان طریقەکانیان ناوەکانیان نەشەرعیەو نەڕاستە.داوائەکەن ناوی سەلەفیەت بانەبێت .

جیاوازی نێوان سەلەفیەت و حیزبەکان بریتی یە لە جیاوازی لە بیروباوەڕو مەنهەج و هەڵسوکەوتدا بۆیە تانەگەڕێنەوە بۆ مەنهەجی حەقی سەلەفیەت بەهیچ شێوەیەك موسوڵمانان نابن بەیەك کۆمەڵ بەو شێوەیەی کە خوای گەورە داوامان لێدەکات.

پێویستە ئەوەش بزانین کە سەلەفیەت تاکە کۆمەڵێ کە لەسەر حەق بن، ئەوانەی سەلەفیەت دابەش دەکەن بەسەر چەند ناوێکدا(سەلەفی عملی ..سەلەفی جیهادی ...) ئەم دابەش کردنە دابەشکردنێکی ناڕاستەو هیچ کام لەزانایانی شوێن کەوتەی سەلەفی صالح پێی ڕازی نین و دژایەتی ئەم دابەشکردنەش ئەکەن. سەلەفیەت یەکەو ناکرێت بەچەند بەشەوە.

## پرسیاری دووەم : ئایا ڕاستە دەسەڵات یارمەتی ئێوە ئەدات لە دژی حیزبە ئیسلامیەکان ؟

(سبحانك هذا بهتان عظيم) یارمەتیمان تەنها (اللّه) یە ئەوەی کەناوی یارمەتی بێت لە هیچ لایەن و حکومەتێکەوە وەری ناگرین و وەرمان نەگرتوە. درۆ ناکەین لەگەڵ خەڵکدا وەك حیزبیەکان. ئەگەر وەرمان بگرتایە ئەمان ووت یارمەتیمان بۆدێت. سوێند بەخوا کرێ ی چاپکردنی (گۆڤاری ڕێگای ڕاست) بەقەرزە تا ئەفرۆشرێت، پاشان کرێی چاپخانەکە ئەدرێت. بەئاشکرا ئەڵێم: لەڕەخنە ناترسین بەڵام درۆی هیچ کەس و لایەنێکمان پێ قبوڵ نیەو بەرپەرچی ئەدەینەوە پشتیوان بەخوا.

## پرسیاری سێ یەم : هەندێ لەوانەی ڕقیان لە سەلەفیە ئەڵێن بۆیە ئێوە ئەتوانن ڕیشتان هەبێو دەرستان هەبێ و خۆتان ئاشکرا بکەن چونکە سەر بە دەسەڵاتن و دیفاعی لێ دەکەن ؟

لەکوردستان تاڕادەیەك ئازادی دراوە بەهەموو کەس و کۆمەڵێك کەبانگەواز بۆ بیرو بۆچونی خۆی بکات جائیتر حەق بێ یان ناحەق، هەروەکو چۆن ڕێگە دراوە بە حیزبیەکان( رادیۆ . تەلەفیزیۆن . ڕۆژنامە ) یان هەبێت سەلەفیش دینداریتیە نەك حیزبایەتی حەقی خۆیەتی ڕێگەی پێ بدرێت دیاردەی سوننەت و دەرس و ئامۆژگاری یان هەبێت لە بەرژەوەندی قەومی کوردی خۆمان. هەرچەندە تائێستاش وەکو پێویست داواکاری یەکانمان جێ بەجێ نەکراوە، بەڵام حیزبیەکان چەندەها قوتابخانەیان هەیە لەکوردستان بۆ بەرژەوەندی حیزبەکەیان خستویانەتەگەڕ، بۆ خۆتان ڕەوایە بۆ غەیری خۆتان بە ڕەوای نازانن لە کاتێکدا بانگەشەی ئیسلام دەکەن !!!

دیفاع لەخراپەو هەڵەی هیچ کەس و لایەنێك ناکەین، هۆی ووتنی ئەم قسەیەیان ئەوەیە کەئێمە لەسەر مینبەر جنێو بەدەسەڵات نادەین وەك هەڵگرانی فکری (الخوارج)

ئامۆژگاریمان بۆ دەسەڵاتدار بەگوێرەی فەرمودەی پێغەمبەرمانە (ﷺ) کە فەرمویەتی :

(من كانت عنده نصيحة لذي سلطان فلايكلمه بها علانية،وليأخذه بيده وليخل به. فإن قبلها قبلها. وإلاّ كان قد أدى الذي عليه و والذي له) أخرجه أحمد في (( المسند )) (٣\٢٩٠) وابن أبى عاصم فى (( السنه )) (١٠٩٦) والحاكم في (( المستدرك )) (٣\٢٩٠) وأورده الهيثمى فى الجمع (٥\٢٢٩-٢٣٠) بلفظ (( من أراد أن ينصح......)) من حديث عياض بن غنم (رضي اللّه عنه) والسياق الحاكم ، وهو حديث حسن ، وصححه الالباني (١٠٩٦)

واته : هه‌ركه‌سێك ئامۆژگاریه‌كی هه‌بێت بۆ خاوه‌ن ده‌سه‌لاتێك بابه‌ئاشكرا نه‌یڵێت واته له‌ناو خه‌ڵكدا یان له سه‌ر منبه‌ر ،به‌ڵكو بچێ بۆلای به‌ته‌نها قسه‌ی له‌گه‌ڵ بكات ئه‌گه‌ر ئامۆژگارییه‌كه‌ی وه‌رگرت لێت ئه‌وه چاكه‌،ئه‌گه‌ر وه‌ریشی نه‌گرت تۆ واجبی سه‌رشانی خۆتت ئه‌نجامداوه گوناهبار نابیت ئه‌گه‌ر به‌گوێی نه‌كردیت.

به‌م شێوه‌یه ئامۆژگاری كردنی ده‌سه‌لاتدار مه‌نهه‌جی سه‌له‌فی صالحه به‌پێچه‌وانه‌ی ئه‌م ڕێگایه واته به‌ئاشكرا له‌ناو خه‌ڵك و له‌سه‌ر منبه‌ر باسكردنی كه‌م و كوڕی و ناته‌واوی ده‌سه‌لاتدار مه‌نهه‌جی خه‌وارجه‌كانه

## پرسیاری چواره‌م :ئامۆژگاریت چیه بۆ ئه‌و گه نجانه‌ی خه‌ڵه‌تاون به حیزبایه‌تی ؟

ئامۆژگاریم بۆ هه‌موو ئه‌و گه‌نجانه‌ی كه‌هه‌ڵخه‌ڵه‌تاون به‌حیزبایه‌تی به‌ناوی ئیسلامه‌وه ئه‌وه‌یه :

براكانم : دینداریێتی نیه بۆیه پێویسته دوور بكه‌ونه‌وه له‌هه‌موو ئه‌و گروپ و حیزبانه‌ی كه بیرو بۆچونیان پێچه‌وانه‌ی سه‌له‌فی صالحه. چیتر خۆتان مه‌كه‌ن به‌كۆیله‌ی سه‌رۆك حیزبه‌كان به‌ره‌و ئازادی هه‌نگاو بنێ، گوێڕایه‌ڵێتان بۆ په‌یمانێكی داهێنراو (البيعة الحزبية) گوناهبار ئه‌بن بۆ ناپرسن ئه‌م حیزبانه كه‌دروست بوون له‌ژێر په‌رده‌ی ئیسلامدا ئه‌گه‌ر شه‌رعی یه‌و ڕاسته زانایانی وه‌كو( شافعی. مالك. أحمد. أبو حنيفة) ڕه‌حمه‌تی خوایان لێبێت نه‌یان كردووه، بۆچی ڕازی ئه‌بن به‌كارتان بهێنن بۆ به‌رژه‌وه‌ندی خۆیان له‌ژێر په‌رده‌ی ئیسلامدا؟ تاكه‌ی پارێزگاری له‌گه‌نده‌ڵیه‌كانیان ئه‌كه‌ن؟ تاكه‌ی وه‌كو په‌یژه‌یه‌ك به‌كارتان بهێنن بۆ گه‌شتن به‌ده‌سه‌لات و پاره كۆكردنه‌وه له‌سه‌ر حسابی ئێوه؟

تاوانبارن ئه‌گه‌ر وازیان لێ نه‌هێنن و ته‌مه‌نی گه‌نجیتان به‌كارنه‌هێنن بۆسه‌رخستنی مه‌نهه‌جی سه‌له‌فی صالح به‌زانیاری به‌سودو تێگه‌یشتنی باش له‌قورئان و فه‌رمووده صحیحه‌كانی پێشه‌وامان(ﷺ) ناكۆكی نێوان گه‌نجه‌كانمان هۆكاری سه‌ره‌كی تێیدا حزبایه‌تی یه ، بۆیه داواكارم ئاشت ببنه‌وه به‌شوێن كه‌وتنی مه‌نهه‌جی سه‌له‌فی صالح و دوركه‌وتنه‌وه له حیزبایه‌تی پرگه‌نده‌ڵی و بۆگه‌ن.

قال رسول اللّه (ﷺ) (دَعُوها فَإِنها مُنْتِنة) رواه البخارى (٤٩٠٥) له ڕیوایه‌تێكی تردا فه‌رموویه‌تی (دَعُوها فَإِنّها خبيثة) رواه البخارى (٣٥١٨) سوێند به (اللّه) مه‌به‌ستم له‌م قسانه ته‌نها ئامۆژگاری خێره بۆ ئێوه‌ی برام هیچ مه‌به‌ستێكی ترم نیه ته‌نها سه‌ربه‌رزی و خۆشی ئێوه نه‌بێت باچیتر به زووبانی شیرینی خۆیان فریوتان نه‌ده‌ن، شوێن كه‌ف و كوڵ مه‌كه‌ون زانیاری له‌كه‌سانێكی نه‌زان

وەرناگیرێت باخۆشی بە عالم بزانێت یان بانگەشەی زانایەتی بۆخۆی بکات، هەروەها زانیاری لەکەسانێکی لادەرلەبیرو باوەڕی پاك وەرناگیرێ هەرچەندە زوبان پاراویش بێت لە قسەکردندا. بەهیوای سود وەرگرتن لەم چەند ئامۆژگاریە برایانە بۆتان سەربەرزبن بۆخزمەتی ئیسلام و موسوڵمانان لەسەر مەنهەجی سەلەفی صالح.

## پرسیاری پێنجەم : ئایا کوردستان وڵاتی کوفرە وەك هەندێ لە تەکفیریەکان ئەیڵێن ؟

برایانی بەڕێزم : هەرشوێنێك بە ئاشکرا بانگ بدرێت تێیدا، نوێژی جەماعەتی تیا ئەنجام بدرێت، نوێژی هەینی و چەژنەکانی تیا ئەنجام بدرێت بەئاشکرا.ئەو شوێنە پێی دەوترێت وڵاتی ئیسلام و خەڵکەکەی موسوڵمانە، کوردستانیش وەکو شوێنەکانی تر بەئاشکرا فەرزەکانی تیا ئەنجام ئەدرێت بۆیە بەوڵاتێکی موسوڵمان حساب دەکرێت، ئەوانەی کەدەڵێن کوردستان وڵاتی کوفرە دورن لەهەموو ڕاستیەکەوە و پێچەوانەی شەرعی ئیسلام و زانایان حوکم ئەدەن بەسەر خەڵکدا کە ئەویش پیشەی تەکفیریەکانە،

## پرسیاری شەشەم: ئایا سەلەفی تا چەندە ئەتوانێ سوود لە ئینتەرنێت ببینێ بۆ بانگەواز بۆ لای خوا ؟

ئینتەرنێت ئامێرێکە وەکو هەموو ئامێرەکانی تر بۆ خێرو شەڕو خراپەکاری بەکار ئەهێنرێت، ئەگەر بۆ خێر بەکارهێنرا ئەوا خێر و چاکەیە، سەلەفیەکان پێویستە بەکاری بهێنن بۆبانگەوازی ڕاست وەکو هەموو ئامێرە پێشکەوتووەکانی تری سەردەم بەڵام لەژێر ڕۆشنایی یەکانی قورئان و فەرموودە صحیحەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

## پرسیاری حەوتەم :ئایا ڕاستە سەلەفی هەموو موسڵمانان بە گومڕا ئەزانن بەس خۆیان بە ڕاست ئەزانن ؟

نەخێر ڕاست نیە، ئەم قسەیە مانای (معصوم) بوون ئەگەیەنێت کە ئێمە وەکو سەلەفی بیرو باوەڕمان وایە تەنها پێشەوامان(ﷺ) پارێزراوە لەهەڵە و گوناه. پاشان گومڕایی بۆ کەسێك ئەوترێت کە هەق بزانێت و بە ئەنقەست پێچەوانەی حەق بکات بەکەسانی نەزان ناوترێت گومڕا تاهەقی بۆ ڕون نەکرێتەوە، ئەوترێت ئیشەکەی گومڕاییە کە پێچەوانەی سوننەت بێت .بەڵام کەسانێك کەشارەزان لەدین دا پێچەوانەی ئیسلام قسە ئەکەن و فەتوا ئەدەن ئەوانە گومڕان هەروەها ئەوانەی بیدعە چین گومڕان لەسەر زوبانی پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت (**وكل بدعة ضلالة**) رواه أبوداود(٤٦٠٧).والترمزی (٢٦٧).وابن ماجه(٤٣). خۆیان گومڕان و خەڵکیش گومڕا دەکەن.وەکو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی (**فضلُوا وأَضلُّوا**) رواه البخاری.(٣٤) ومسلم (٦٧٣).

سوێند بەخوا زۆرێك لە مامۆستاو ئەمیرەکانیان چاك ئەزانن ئەوەی ئەیڵێن و ئەنجامی ئەدەن لەگەڵ شەرعی ئیسلامدا ناگونجێت و دژی ئیسلامە بەلاَم شوێن کەوتنیان بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی دنیایان وای کردوە ڕەزامەندی خەڵك پێش ڕەزامەندی خوا بخەن بۆیە گومڕان و گومڕاکەرن

## پرسیاری هەشتەم : ئایا ئەمە ڕاستە سەلەفی بڕوای بە جیهاد نیە ؟

باوەڕمان هەیە بەهەموو ئایەتەکانی قورئان و حدیثە صحیحەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کەباس لە جیهادو فضلی جیهاد وە تێکۆشان لەڕێگای خوادا لەگرنگترین شیعاری ئیسلامە چڵەپۆپەی ئیسلامە، تێکۆشان لەڕێگەی خوادا بەردەوامە تاڕۆژی قیامە. بەلاَم ئەنجام دانی جیهاد مەرجی شەرعی هەیە تامەرجەکانی نەیەتەدی ناکرێت (الإمام.الدولة. الراية) بەلاَم ئەوەی ئەمڕۆ ئەنجام ئەدرێت لەژێر ناوی(الجهاد في سبيل اللّه) بەجیهادی شەرعی نازانین بەڵکو جۆرێکە لە شۆڕشی خەوارج بەناوی جیهادەوە خەڵکی پێ چەواشە ئەکرێت. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەوانەشی کەبانگەشەی جیهادیان ئەکرد پەشیمانی خۆیان ڕائەگەیەنن و بەبڕیاری حیزبیان و لەکۆنگرەی حیزبیاندا (مەکتەب عەسکەریەکانیان) هەڵئەوەشێننەوە و بڕیاری وازهێنانیان لەخەباتی چەکداری ڕائەگەیەنن دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆریان بەکوشتداو دوژمنایەتی زۆریان لەناو ولاَتاندا بلاَوکردەوەو ئافرەتێکی زۆریان بێ هاوسەر کردو منداڵێکی زۆریان هەتیو کرد. جیهاد کردنەکەشیان تەنها بۆ پارە بوو. هەرکاتێك پارەکەیان وەرئەگرت ئاشتی یان ڕائەگەیان. کەپارەشیان پێنەدرایە بانگەشەی جیهادیان دەکرد ئەوانەشیان کەلە ژیان دا ماون ئێستا چی شوێنێك خۆشە لەوێ ئەژین و هەندێکیشیان (مەعاشی خانەنشین) ی وەرئەگرن واتە (مجاهدی متقاعد) ئێستاش ئەوەی باسی ناکەن جیهادە. بەڵکو هەوڵی حەلاَڵ کردنی و مۆسیقا و ڕیباو تێکەڵ کردنی ژن و پیاو مەبەستیانە.بەلاَم ئێمەی شوێن کەوتەی سەلەفی صالح پاکردنەوەی بیروباوەڕو ڕەوشتی مسوڵمانان لەدیاردەکانی شیرك و کوفر و بیدعە و تاوان بەگەورەترین تێکۆشان ئەزانین لەڕێگەی خوادا. وەهەوڵ ئەدەین بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی کە زاڵبووە بەسەر بیرو هۆشی زۆرینەی گەنجەکانماندا و بۆتە مایەی پارچە پارچە بوون و تەسك کردنوەی برایەتی و هاوکاری لە چوار چێوەی مەزهەبیی و حیزبی دا.

## پرسیاری نۆیەم : ئایا ڕاستە ئێوە جنێو بە حیزبە ئیسلامیەکان ئەدەن و مەدحی حیزبە علمانیەکان ئەکەن یان لێیان بێ دەنگن ؟

جنێودان ڕەوشتی موسوڵمان نیە بەڵکو نیشانەی فاسقەکانە. ئەگەر موسوڵمانێکی سەلەفی جنێوبدات کارێکی هەڵەی کردوە و پێویستە پەشیمان ببێتەوە و داوای لێخۆشبوونی خوا بکات. مەدحی هیچ کەسێك ناکەین بەئاشکرا دژایەتی ئیسلام بکات. فەرمان کردن بەچاکەو نەهی کردن لەخراپەش بەواجب ئەزانین لەهەموو کاتێکدا بەگوێرەی مەرجە شەرعیەکانی. مەبەستیان لەم

پرسیارە هەروەكو پرسیاری سێ یەم وەلاٌمان داوەتەوە، بەدڵنیایشەوە ئەڵێم زیانی حیزبیەكان بەناوی ئیسلامەوە زیاترە بۆئیسلام تاخەڵكانێكی نەزان بەهۆی هەڵەی حیزبیەكانەوە دژ ایەتی ئیسلام و موسوڵمانان ئەكەن. چونكە حیزبیەكان بەناوی ئیسلامەوە موسوڵمانان چەواشە ئەكەن و خەڵكیش نازانێت بۆیە پێیان هەڵئەخەڵەتێت.بەلاٌم ئەوەی بەئاشكرا دژایەتی ئسلام بكات هەموو موسوڵمانێكی عاقڵ ئەیناسێت ئیتر چۆن مەدح ئەكرێت.

## دوا پرسیار :چی ئەڵێی بەوانەی بوختان بۆ سەلەفیەكان ئەكەن ؟

هەڵبەستنی درۆ بۆ لەكەداركردنی كەسانێكی پاك. ئەوانەی بەم كارە هەڵئەسن ئەبێ چاك بزانن كەپێشەوایان بریتی یە لە (جولەكە و گاور) وەگەورەترین ستەم هەڵبەستنی درۆیە و پاشان هەوڵدان بۆ دورخستنەوەی خەڵك لە كەسانێكی ڕابردوو پاك.

ئەوەباشە بۆ ئەوكەسانەی كە ئەم ڕەوشتە خراپەیان هەیە(بوختان كردن) تەوبە بكەن و پەشیمان ببنەوە لەم كارە ناشرینە چونكە ئەگەر پەشیمان نەبنەوە لێی بەختەوەر نابن لە دونیا و لە قیامەتدا.

زیانەكانی بوختان كردن

١- بوختان كردن دەردێكی كوشندەیەو گەورەترین ترسناكی هەیە لەسەر كۆمەڵگا بەگشتی.

٢- بوختان كردن هۆیەكە بۆتیاچونی خاوەنەكەی و ئەوەش كە پێی ڕازیەو لەگەڵیدایە.

٣- بوختان كردن دەبێتە هۆی توڕەبونی (الله) و ڕێگەیەكە بۆ چونەناو ئاگر.

٤- بوختانچی سوك ئەبێت لەناو خەڵكیداو متمانە لەدەست دەدات.

٥- بوختانچی لەناو خەڵكیدا بێ ڕێزەو بەچاوی سوك سەیری ئەكرێت.

٦- بوختان كردن بەڵگەی لاوازی ئیمانی خاوەنەكەیەتی.

پێویستە ئەوەش بزانین مێژوو چەند بارە ئەبێتەوە. ئەگەر سەیری مێژووی گروپە گومڕاكان بكەین بەردەوام كاریان بوختان كردن بووە بۆ شوێن كەوتوانی حەق و هەر ڕۆژگارە بەشێوەیەك هەوڵیان داوە بۆ كۆسپ دورست كردن لەڕێگەی بانگەوازی حەقدا و دورخستنەوەی خەڵك لەبەرنامەی پاكی ئیسلام و بونەتەداردەستی ناحەزانی ئیسلام بۆ ڕێگەگرتن لەبلاٌوبونەوەی بانگەوازی شوێن كەوتوانی سەلەفی صالح لەپێناو دەست كەوتنی ماڵێكی دونیا یان پلەو پایەیەكی كەمی دونیا.چونكە ئەوانەی ئەیانەوێت ڕێگە بگرن لە بانگەوازی حەق بریتین لە :

١- پاشگەزبووەكان لەئیسلام (المرتدون) ئەوانەی بێباوەڕ بوونەوە بەشوێن كەوتنی پڕوپاگەندەی هەڵە كە دژ بە ئیسلام

ئەوترێت وەکو ئەوەی ئەڵێن ئیسلام ئەگەر باش بوبێت بۆ ڕۆژگاری ڕابردوو ئەوا بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ باش نیە

چونکە ئەوانەی شوێن دین بکەون بەردەوام دواکەتووئەبن.ئەوانەی وازیان لەدین هێناوە پێشکەوتنیان بەدەست

هێناوە وەکو وڵاتانی ڕۆژئاوا.ئەگەر پێ یان بوترێت بەڵگەتان چیە؟ ئەڵێن بەگومانی خۆیان ڕۆژئاوای یەکان کاتێك

وازیان لە دینەکەیان هێنا پێشکەوتنیان بەدەست هێنا ئەڵێن ئێمەش ئەگەر وەکو ئەوان واز لەدین نەهێنین

پێشکەوتوو نابین. وەلامان بۆیان پیێ یان ئەڵێم :

ئێمە بەهیچ شێوەیەك مل کەچی ئەم قسەیەتان نابین کە ڕۆژئاواییەکان وازیان لە دینەکەیان هێناوە بەڵکو زۆرینەیان گوێڕایەڵی دینی خۆیان ئەکەن و شەڕی لەسەر ئەکەن باشترین نمونەش بۆتان بریتی یە لە بوونی ئەوهەمەوو (کەنیسانەی) کە هەیانە لە هەموو وڵاتاندا و بانگەوازی بەردەوامیان بۆزیادکردنی شوێن کەوتەی دینەکەیان شەڕی (ایرلندا) لەنێوان (کاثولیك و بروتستانت) چەند ساڵە بەردەوامە هیچ هۆکارێك نی یە تەنها جیاوازی نەبێت لە بیروباوەڕدا. دینی ئەوان بەکەڵکی ئەم ڕۆژگارە نایەت و لەگەڵ شارستانی سەردەمدا ناگونجێت. دینی ئیسلام وەکو دینی ئەوان نیە. جیهان هەرهەمووی شاهیدی ئەدات بۆشارستانێتی گەورەی ئیسلام کاتێك کە موسوڵمانان بەهێزبوون لەهەموو بوارێکدا. شەڕی نێوان ئیسلام و خاچ پەرستەکان بۆماوەی (١٩٠) ساڵ بەردەوام بوو.خاچ پەرستەکان شکستیان هێنا لەبەردەم موسوڵماناندا لەگەڵ زۆری ژمارەی خاچ پەرستان و زۆری چەك و تەقەمەنی دا. لەوەلامدا ئەڵێین ئەمە گریانتانە بۆئیسلام. ئەمڕۆ شتێکی وامان نیشان بدەن کەئیسلام بتوانێت ئەنجامی بدات . ئەڵێم ڕێگەی ئیسلامی حەق بدەن بلاّوبکرێتەوە چیتان ئەوێت پێتان ئەدرێت لە هێز لە پێشکەوتن لەهەموو بواری پێشکەوتندا.ئایا ئەتانەوێت موسوڵمانان لە گۆڕەکانیان بێنە دەر تادیفاعتان لێ بکات و شارستانی تازەتان پێشکەش بکات؟ سەدەها ساڵە کوێرانە شوێن بێ باوەڕی کەوتون بێ ئەوەی هیچتان بۆبکات، ئەگەر ڕاست ئەکەن یەك ساڵ ئیسلام تاقی بکەنەوە تابەچاوی خۆتان شارستانێتی ئیسلام ببینن.

٢- ئەوانەی بانگەوازی ئیسلام ئەکەن تەنها بەزووبان بێ ئەوەی پەیڕەوی بکات بەبیروباوەڕ و خواپەرستی و حوکم پێ

کردن. ئەمانە تەنها بە زوبان موسوڵمانن و هیچی تر.

٣- دوژمنانی دەرەکی بریتین لە دەمارگیرەکانی گاورو جولەکەو بت پەرستەکانی هەموو نەتەوە جیاجیاکانی جیهان.

٤-زانا خراپەکان ئەوانەی دینی خۆیان فرۆشت بەدینی غەیری خۆیان. هەقیان شاردەوەو ناپاکیان کرد لەگەڵ

گەلەکەیان شوێن ماڵ دونیا کەوتن. دینی خۆیان لەدەست دا بێ ئەوەی دنیاشیان دەست بکەوێت.
ئەمر چوار کۆمەڵە هەموو هەوڵی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ کوژاندنەوەی ئەوەی لەئیسلامدا ماوە. هیچ لۆمەی ئیسلام ناکرێت چونکە ئەوانەی بەڕاستی شوێن ئیسلام کەوتن بەختەوەر بوون پێ ی لەدوای خۆشیان زانیاریەکی بەسودی زۆریان بەجێهێشت تائێستاش هەموو خەڵکی پێویستیان بە زانیاریەکانیانە.

کەسێك هەوڵی شاردنەوەی ئەدات وەکو ئەو کەسەی بیەوێت ڕوناکی ڕۆژ بشارێتەوە یان إنکاری ڕۆژ بکات لە ڕۆژی ڕوناك و بێ هەوردا